**بەشی ٢ ـ ٢**

**<u>ناساندن و خوێندنەوەی کتێب:</u>**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٢/١٢

***بیرەوەرییەکانم***

**(( مووسا عەنتەر))**

**{{ ئەگەر زمانی ڕەسەنی من، بناغەی**
**دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت، مانای وایە کە تۆ دەوڵەتەکەت**
**لەسەر خاکی من دروست کردووە. مووسا عەنتەر}}..**

لە تورکییەوە: محەمەد عزەدەین
بڵاوکراوەی: دەزگای "فام" بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
چاپی یەکەم 2021 628 لاپەڕە
ئیسماعیل بێشکچی و سینەم خان جەلادەت بەدرخان پێشەکییان بۆ نووسیووە.







**یاشار قایا و سەعید ئەلچی** و چەندانی تر هاوڕێی زیندانی دەبن.. زۆریش بەدەمیانەوە دەبێت و خزمەتیان دەکات. بەواتای ئەوەی خۆنەویست بووە و ڕۆحی خزمەتی ئەوانی دیکەی هەبووە..

**بەختمان وەک ڕووباری نیلە ..... بەڵام ئەم دیجلە و فوراتین مەلای جزیری**

لە باسێک دا دێتە سەر خاڵێکی گرنگ باس لەوە دەکات کەوا، لەسەر بیروباوەڕ لەزینداندا کوردان دابەشی بەرەی شۆڕشگێڕ/ چەپ و پارێزگار/ کوردایەتی دەبن، ئەو خۆی لەبەرەی یەکەمدا دەبینێتەوە. شۆڕشگێڕانی کورد بەداخەوە لەسەر پرسی بچوک و وشکە ئایدۆلۆژی لەسەنگەرە سەختەکان لێک جیا دەبنەوە. ڕەنگە ئەمە هەڵەیەکی گشتگری باوی نێو تەواوی کوردان بێت. مووسا لە شوێنێکدا لەمەڕ خۆیەوە دەڵێ: **"من بە چەپ دەناسرێم و کوردایەتیشم لەسەر ماڵە"** ل ٣٠٢ ئەوەیشی ئێمە تێیدەخوێنینەوە کوردایەتییەکەی تۆخترە، باڵێین چەپێکی کوردستانی تەواوە .

مووسا لەژیانیدا تەنیا لەڕیزەکانی " پارتی کرێکارانی تورکیا" دا ئەندام بووە.. پێی وابوو ئەم چەپە تورکانە دۆستی کوردن. لەم ڕێگایەشەوە زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی تورک لە سیاسی و ئەدیب و ڕۆشنبیران دەناسێ..**عەزیز نەسین** یەک لەوانە. بۆ بوونە ئەندامی ئەم حیزبەش چیرۆکێکی دوورودرێژ دەگێڕێتەوە ل ٣٤٣-٣٤٥... دواجار دەڵێ " : **کوردپەروەرییەکی بە نامووس و شەرەفمەندانە پاڵی**

**پێوەنام تا ببمە چەپ ." لەو رۆژەوە دیسان بە پشت بەستن بە ویژدان و زانیارییەکانم هەموو ئەو بۆچوونانەم دەنووسم کە سوود بە گەلەکەم و مرۆڤایەتی بگەیەنێت".** ل ٣٨٩

ئەم بیرەوەرییانە بەسەرهاتی **شڤان و سەعید ئەلچی** کوشتنەکەشیان و رۆڵی **بارزانی** دەگرێتە خۆی و زانیاری خۆی لەمەڕ ئەم چیرۆکە تاڵەوە دەنووسێ.

هەر لەم ڕووپەڕانەدا باسی **ئیسماعیل بێشکچی** دەکەوێتە بەرچاو**." من چەندان ساڵ بوو بە تۆمەتی کوردایەتی و کۆمۆنیستی دادگایی دەکرام) (...ئیسماعیل بێشکچی بە تۆمەتی هاندان بۆ خەباتی کوردایەتی تۆمەتبار کرابوو ."**تەنانەت لە ل ٥٣٨ باس لەوە دەکات ساڵی 1972 لە دادگای ئەو تۆمەتەی درایە پاڵ بێشکچی لەوەی ئێمە زیاتر بوو .تۆمەتە هەرە دیارەکانیش( **دابەشکردنی تورکیا و پاڵپشتی کۆمەنیستی و کوردپەرستی) بوو .**

کەواتە لەسەر کوردبوون ـ کە بێشکچی نزیکەی 17 ساڵ زیندانی کراوە- تاوانی بێشکچی قورستر بووە لەتاوانی کوردێک. هەڵبەت خوێنەر دەزانێ بێشکچی بەدەیان ساڵی ژیانی لەزیندان لە پێناوی داکۆکی لە کورد بەسەر بردووە و بەتێکڕا سەرووو سەد ساڵ حوکمی زیندانی دراوە... ئیدی لەئاکامی گوشاری ناوخۆ و دەرەوە ئازاد کراوە. دەنا دەبوو دوو جار بمرێ و زیندوو بێتە تا ساڵەکانی زیندانی تەواو بکات. چ گاڵتەجارییەکە؟ حوکمی قەرەقووشی تورکیا. بێشکچی ئێستا نزیکەی 40 بەرهەمی لەسەر قەدەغەیە بڵاو بێتەوە.

بەدرێژیش باس لەدیدارەکەی لەگەڵ رۆشنبیرانی رۆژئاوا **جگەرخوێن و عوسمان سەبری جەلادەت بەدرخان** و چەندانی تر دەکات. دەبێ ئەوە بڵێین،کە مووسا عەنتەر کەناڵی پەڕینەوەی شیعرەکانی جگەرخوێن بووە بۆ باکووری وڵات.

لە ل ٥٤٧ باسی هەوڵێکی کوشتی دەکات، چونکە مەترسی کەسایەتی مووسا عەنتەر لەسەر تورکیا تا دەهات زیاد دەبوو، دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بێت ڕزگاریان بێت لەدەستی... لە تەمەنێکی پیری 77 ساڵیدا دەگیرێ و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێ.. بەرادەیەک یەکێک دەستی نەگرتایە توانای ڕێ کردنی نەبووە. بەڵام دەسەڵاتی تورکی شەرمی بۆ هیچ شتێ نەبووە و ڕق و نامرۆڤی خۆی نەشاردۆتەوە. تاوەکو لە رۆژی 20.9.1992 لەناو شاری ئامەد، نامەردانە و ترسنۆکانە نامرۆڤانە دەستیان چووە گیانی ئەم کەسایەتییە گەورەی کورد تیرۆریان کرد. گیانبەختکردنی مووسا عەنتەر، بووە مایەی ئەوەی فریا نەکەوێ کارەکانی تری بنووسێتەوە، بەوەش کورد کەسایەتییەکی گرنگی خاوەن ئەزموونی لەدەستچوو، کۆمەڵێ باس و رووداویشی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر خاکەوە.

ل ٤٣٣ چیرۆکێکی تەواو خەمگین پێشکەش بە خوێنەر دەکات **پوختەکەی : لە ئیستامبووڵ رۆژێ دەچێتە بازارێکی هەفتانە و کۆمەڵێ پێداویستی دەکڕێ، پیاوێکی پیری بەلەنگازیش دەگرێ وەک کوڵکێش/حمال..شتەکانی دەداتێ هەڵگیرێ .لە ڕێگا بەزەیی بە کابرای بە تەمەندا دێتەوە و بەتایبەت کاتێ دەبینێ دەستی چەپی گرمۆڵە کردووە وەک بۆکس. لێی دەپرسێ: ئەوە خێرە دەستت، سەرەتا کابرا نایەوێ هیچ بڵێ دواتر کە دەزانێ ئەویش کوردە، دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکات بەم شێوەیە: " ساڵی١٩٣٩ - شۆڕشی سەید ڕەزا- سەرباز بووم نەقیب کەنعان لەسەربازە کوردەکان تیمێکی کوشتنی دروست کرد بوو بۆ کوشتنی ئەو ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتانەی خۆیان لەشاخ و نێوئەشکەوت و دەشت و هەردا حەشاردابوو و دەگیران بیانکوژین. ئەو دیمەنی گریان و هاوار و زریکەیە منی تووشی داڕووخانێکی دەروونی کرد. بیرم لە خۆکوشتن کردەوە! بەڵام دوایی بیرم لە شتێکی ئاسانتر کردەوە. سەربازە بریندارەکانی هاوڕێمیان دەبردە نەخۆشخانەی ئەرزرووم. رۆژێ کەوتینە شەڕەوە بەدەرفەتم زانی چەکەکەم خستە سەر دەستی چەپم، بە ڕاست تەقەم کرد و دەستی چەپمم هەلاهەلا کرد. ئیدی وەک برینداریک برامە ئەرزرووم و ڕزگاربووم لە سزادان و کوشتنی هاوخوێنەکانم...** ل ٤٤٢-٤٤٣بەراستی ئەم دیمەنە شایانی ئەوەیە نووسەرێکی وەک میخائیل شۆلۆخڤ بیکاتە رۆمانێکی جیهانی.. ئای لەم ئازار و تاڵاوە کوشندەیەی ئێخەی تاکی کوردی گرتووە و بەدەست داگیرکەرە نامرۆڤەکانییەوە دەیچێژێ؟!.. ئازیزان ستەمی لەم چەشنە لە مێژووی هێندەهەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی نییە یاخود زۆر دەگمەنە..

داگیرکەرانی کۆلۆنیالیستی جیهانی ئینگلیز و فەرەنسا تاوانباری سەرەکی ئەم مێژووە ڕەش و ناخۆشەن، میللەتانی سەردەستی تورک و فارس عەرەب جێبەجێکەری پلانی هێزە کۆلۆنیالیستەکان و شۆڤێنێت و

دڵڕەقی و نامرۆڤایەتی خۆشیان بۆ زیاد کردووە.. پەردەیەک لە دیمەنی لەسێدارەدانی **سەید** ڕەزا:" **دوای دەرچوونمان لە دادگا ئوتومبێلەکەمان لە مەیدانەکەی تەک قەرەقۆلی ژەندرمە وەستا، سەید رەزا کاتێک پەتی سێدارەی بینی لە دۆخەکە تێگەیشت. ئینجا ڕووی لە من کرد و گووتی: " هەڵدەواسرێم؟" بەردەوام بوو لە قسەکانی: تۆ لە ئەنقەرەوە بۆ لەسێدارەدانی من هاتووی؟ سەیرێکی یەکدیمان کرد، یەکەم جار بوو لەگەڵ کەسێک کە لەسێدارە دەدرێت ئاوا چاو لەچاوی یەک بنێین. ئینجا سەید ڕەزا بە من پێکەنی. داواکاری گشتی پرسیاری ئەوەی لێ کرد ئایا دەتەوێ بەر لە سێدارەدانت نوێژ بکەی؟ بەڵام ئەو نەیویست. لێمان پرسی دوا قسەت چییە؟ سەید ڕەزا وەڵامی داوە: چل لیرە و سەعاتێکم هەیە بیدەنە کوڕەکەم. (...) سەیدڕەزامان بردە مەیدانەکە کەشوهەوا زۆر سارد بوو، هیچ کەسیش لە دەوروبەرەکە نەبوو، بەڵام وەک ئەوەی مەیدانەکە تژی خەڵک بێت، سەید ڕەزا بە تۆنێکی بەرز وتاری دەدا:" ئێمە منداڵی کەربەلاین و تاوانمان نییە، بۆیە ئەمەی ئێوە دەیکەن شەرمە، زوڵمە تاوانە".. لەگەڵ وتەکانی ئەودا تەزوو بە هەموو گیانمدا دەهات .ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕەپ ڕەپ دەڕۆیشتە بەردەم پەتی سێدارە. جەللادەکە هاتە بەردەمی تا بیباتە سەر ژورسییەکە و پەتەکەی کە مل بژا، بەڵام سەید ڕەزا پاڵی پێوەنا و خۆی پەتی سێدارەی لە مل کرد، شاپێکی لە کورسییەکەی دا و خستیە خوارەوە. واتە خۆی بڕیاری لەسێدارەدانەکەی خۆی جێبەجێ کرد ..."**

***قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین***
***میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین***
***میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان***
***بێتە بەر سێدارە،بێ ترس> دەم بەخەندە و پێکەنین*** بێکەس

**محەمەد ئەمین بۆزئارسلان** کەسایەتییەکی ترە ناو و باسی لەم بیرەوەرییانەدا هاتبێت. رۆژێ کۆمەڵێ شیعری کە بە تورکی نووسیویەتی دێنی نیشانی مووسا عەنتەری دەدا.. ئەمیش وەک مامۆستا و قاڵبوویەکی کوردایەتی ئامۆژگاری دەکات:" **کە ئێمەی کورد چەندی بە تورکی شیعر بنووسین ، ناتوانین شاعیرانی تورک تێپەڕێنین . لە هەموو ڕوویەکەوە ئێمەی کورد وەکو چینی دووەم و سێیەم سەیر دەکرێین، بۆیە گەر بەزمانی شیرینی کوردی خۆمان بنووسین زۆر زیاتر جێی پەسەندی دەبێت ".ل٤٩٨-٤٩٩**
ئیدی ئەم ئامۆژگاری دەبێتە ئەڵقەیەکی زێڕ بۆزئارسلان بە دروستی دەیکاتە گوێی و دواتر ئەو کەسایەتییەی لێ دەردەچێت بە خزمەتەکانی کە پێگەی گەورە لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا داگیر دەکات..
ساڵی ١٩٩١ **مادام میتران** لە گەشتێکیدا بۆ باکووری کوردستان داوای دیداری ئاپێ مووسا دەکات... گفتوگۆی چڕوپڕ دەکەن و دواتر داوەتی فەرەنسای دەکات، دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕێی پێ نادەن گەشت بکات... لێرەشدا باسێکی جێی سەرنج بەسەر دەکاتەوە: **کاتێ بە جووتە مووسا و میتران دەدوێن ، باڵیۆزی فەرەنسا دەچێتە ژوورەکەیان تا گوێ لە قسەکانیان بێت ، مادام دەری دەکاتە دەرەوە. مووسا دەپرسێ بۆ؟ مادام دەڵێ :" ئەوە پیاوێکی باش نییە ."**ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باڵیۆزی ناوبراو خۆی فرۆشتبێ بە دەسەڵاتی تورکیا و بەرژەوەندی خۆی گەشە پێ بدات.. یاخود دژی کورد بووبێت. هاوکات بەڵگەیەکیشە کەوا ئەو دەوڵەتانە دەتوانن خەڵک بکڕن.
لە بەرەو کۆتایی کتێبەکەیدا جارێکی تر دێتەوە سەر باسی 30 ساڵەی پەیوەندی بە بێشکچی گەورەوە. رۆڵ و خزمەتی بە کورد و خۆی وتەنی: هەموو بێشکچی و ئەم لایەی دەزانین، بەڵام لایەنە نەزانراوەکانی قورسن و ن باسیان دەکەم. ... هەر لەم کایەوە دێتەوە سەر باسی چەپ و چەپایەتی و هەڵوێستیان بەرانبەر بە کێشەی کورد، کە جۆرێک لە ئەفسووس و حەسرەتی پەشێمانی تێ ئاڵاوە.
**" لە تورکیا کەسانی ئەکادیمی و ئەهلی زانستی بەشەرەف و نامووس زۆر کەمە. بۆیە لەناو توێژی خوێندەوار و ئەکادیمیەکانیش کەم کەس لە بێشکچی تێدەگەن"**. ل٥٣٦ . دەربارەی چەپی تورکیش دەنووسێ:" **لەڕاستیدا بۆ ئەو پرسە پێویستە چەپی تورک بۆ سەر دوو بەرە دابەش بکەین :یەکەم: چەپی ڕاستەقینەکان، دووەم: چەپە ساختەکان...زۆر بەداخەوە ئێمە بۆ ماوەی چەندان ساڵ ئەو دوو**

**جۆر چەپەمان لەیەک جیا نەکردەوە. بۆ نموونە کەسانی وەک: بولونت ئەجەڤید و ئیلهان سەکچووک و چەتین ئالْتان و ئوغور مومجومان بە چەپ هەژمارد دەکرد".. ل** ٥٣٧ بێگومان چ ئەمانە چ چەپی فارس و عەرەبیش لەم ڕاستییەوە دوور نین و هاوشێوەی ئەمانە نووقمی شۆڤێنیزم و دوژمنی سەرسەختی کوردانن ..بە هەزاران نموونە و سەرگوررزشتە و چیرۆکی بەڵگەنەویست و واقعی هەیە ..

باسی "**یەشار کەمال و فایەق بوجاک** " دەکەوێتە دامێنی ئەم بیرەوەرییانەوە بەتایبەت بوجاک کە لە زینداندیش پێکەوە بوون لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دا پرس بە مووسا دەکا بۆ بەشداری ، مووسا بەشدار نابێت، لێ هاوکاری دەبێت. دواتر چەند لاپەڕەیەکی تایبەتی چڕ بۆ **شۆڕشی شێخ سەعید** تەرخان دەکات.

لە ل ٥٧١-٥٧٦ لەزمانی **عەلی ڕەزا ئەفەندی کوڕی خوالیخۆشبوو شێخ سەعید** ەوە چەند دیوێکی شۆڕشەکە تۆمار دەکات. عەلی ڕەزا و مووسا عەنتەر وەک باوک و کوڕ ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئەم باسانە دەگێڕێتەوە: **"کوڕم مووسا عوسمانییەکان لە کۆتا سەردەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیاندا ، بە پشتبەستن بە تیۆرێکی بێ مانای دروستکراو، تورکایەتییان چووە ناو خوێن و بوونە نەژادپەرست. ئەو بیرۆکەیە لەسەردەمی سوڵتان حەمید دەستی پێ کرد، کوردیش بەرانبەر ئەو کردەوانە کاردانەوەیان نواند و چوونە ناو پارتی ئیتحاد و تەرەقی و بوونە بەشێک لە دامەزرێنەرانیشی. بەڵام دواتر کورد بینی ئیتحاد و تەرەقی زۆر لە سوڵتان حەمید زیاتر و توندتر دوژمنایەتی کورد دەکەن بۆیە کۆتایی ئیتحاد و تەرەقی هەمووومان دەزانین چۆن بوو"**. لێرەدا داماوی و بێبەرنامەیی و سەرلێشێواوی کورد بەدیار دەکەوێ**!** لە ڕقی عوسمانی دەچنە ئیتحاد و تەرقی دادەمەزرێنن. ئەوانیش لەعوسمانی زیاتر دژە کوردن، چونکە دەوڵەتی تورکیای نوێیان لەسەر جەستەی کورد دامەزراند و بیری کەمالیزمیان بەرجەستە کرد. کەواتە کورد ویستی لە نەخۆشی شیرپەنجە خۆی ڕزگار بکات، چوو تاعوونی هەڵبژارد.. ئەم ئەقڵێتە لە نێو کورددا تا ئیستاش بەرقەرارە .ئەوجا دێتە سەر باسی ئەتاتورک ، ویستراوە بیکوژن،کەچی کورد رزگاریان کردووە، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا

ئەوجا باسی باوکی بۆ مووسا دەگێڕتەوە: **"باوکم چاوەڕوانی زۆر شتی باشی لەدەوڵەتی تورکیای تازە هەبوو، کەچی بەرانبەر بەوە، زۆر زاڵمانە ڕووبەڕووی بوونەوە ."باسەکە درێژ دەبێیتەوە تا دەگاتە شێوازی لەسێدارەدانی شێخ " :باوکم لە دەروازەی دەری دیاربەکر لە سێدارە درا. گۆڕەکەشی لەناو چاڵێکی ئەو دارانەی ناوچەکەیە، ئینجا دوای بەپەتەوەکردنیشی بە کراسە سپیەکەی بەری، بێ ئەوەی هیچ ڕێوڕەسمێکی ئایینی لەسەر بە پەتێک دەیخەنە ناو ئەو چاڵە قووڵەی لەوێ بووە. ئینجا بەخۆڵ سەری شادەپۆشن و جێی دەهێڵن. (..) کاتی خۆی لە دەروازەی چیای دیاربەکر تا کەناری ڕووباری دیجلە، قەبرستانێکی کۆن هەبوو،بەڵام دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعید شوێنەکە بۆ مەبەستی دیکەی گەشتیاری و ئاهەنگ و سەیران گۆڕانی بەسەردا هێنرا. دواتر ئەو شوێنەی کە تەرمی شێخ سەعید و سەید عەبدولقادر و سەید محەمەدی کوڕی و دکتۆر فوئاد و چەندان کەڵەپیاوی دیکەی کوردی لێ ژێر خاک کرابوو، لەلایەن حکومەتەوە کارگەی عارەقی دیاربەکریان لەسەر دروست کرد. (...) ئەتاتورک لەسەر ئەو بابەتە گوتبووی: ئەو گەوادانە پێم دەڵێن سەرخۆش، بۆیە لەوێ کارگەی عارەق دروست بکەن بۆئەوەی تا هەتایە هیسکشیان سەرخۆش بێت لەژێر خاک ."**

**زیاگۆک ئالپ** سەرەتا وەک ناوێکی گەورە و دیاری ڕۆشنبیری کوردی دێتە گەشانەوە، وەک دەزانین ناوبراو خاوەنی چەندین کتێبە بە کوردی لەسەر زمانی کوردی و باسی مێژوویی. دواتر دەتۆرێ یاخود بێزار دەکرێ و جێی نابێتەوە لەناو کوردا، روو دەکاتە تورک و دەبێتە داڕێژەری بنەماکانی " **کەمالیزم** ." بەواتای ئەوەی لە کوردایەتییەوە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ تورکچێتی. ئەمەش دیاردە و هاوکێشەیەکی نامۆ و سەختە**!**.. ئەگەرچی وەک عەنتەر لێردا بنەمایەکی تیۆرییەکەی ئالپ دەردەخا" **ئەو تورکەی کوردی خۆش نەوێ تورک نییە، ئەو کوردەی تورکی خۆش نەوێ کورد نییە"**. ل ٥٨٣ بەڵام ئێمە ئەوانمان خۆشویستووە و هاوکاری و پشتیوانیمان کردوون و خزمەتیشمان کردوون، ئەوان بە پێچەوابەوە ..ئێستا ئەوان سەردەست و ئێمە بندەستی چەوساوەی هەڕەشەلێکراوین. واتە هاوکێشەکە بەم ئاڕاستەدا ڕۆیشتوو،**...**

لە دوا لاپەڕەکانت 584-586 وەک بڵێی پوختەی بیروبۆچوونی سیاسی خۆی فۆرمەلە دەکات و قسە دێنێتە سەر باسی ئەو هەڵمەتە داگیرکارییەی دەوڵەت ناوی ناوە" **لەناوبردنی تیرۆر**"...دەوڵەتی تورک

دەیەوێ بەزەبری هێز بیکات " **وەک ئەوەیە بتەوێت بە کوتەک پێشکە بکوژی**".. ئیدی کورد **لەهە کوێیەکەوە هاتبن "لەدێرزەمانەوە لە ئاسیا هاتبێت یان لە ئەفەریقا ئەمڕۆ لەناو دەوڵەتی تورکیا بە زمان و شارە کوردییەکان خۆی کردۆتە واقعی حاڵ**".. لەڕاستی تا ئێرە گەر کۆمێنتمان هەبێت، بریتییە لەوەی دەوڵەتی تورک خۆی تیرۆریستە و سیاسەتی تیرۆر پێڕەو دەکات و ئەوە تورکن بێگانەن لەسەر خاکی کوردستان و تەواوی ئیمڕۆی تورکیا. ئەوان وەک پاشماوەی لەشکری **تەتەر و مەغۆل** هاتوونەتە خاکی کورد و **ئەرمەن و لاس و چەرکەز و یۆنانی** و.... بوونیشیان وەک تەنێکی نامۆیە نووساوە بە ناوچەکەوە..

مووسا عەنتەر داوای " **خۆ گۆڕین**" بەرز دەکاتەوە داوای " **ڕاستگۆیی** "دەکات . پێی وایە " **گەر تورکیا لە چوارچێوەی دیموکراسی مافە ڕەواکانی کورد بدات**" تورکیا بەهێزتر دەبێت کوردیش دەبێتە بەشێک لێی. بەڵام لە ئیستا شتێکی وا نییە چونکە " **خزمەتگوزاری**" لە نێوان شارەکانی کوردستان شارەکانی تردا لە رووی ئابووری و سەربازی و سیاسەتەوە جیاوازن جیاوازیان تێدا دەکرێت .کورد زمانی دایکی قەدەغەیە، بە تورک دەکرێ، ناوەکان دەگۆڕدێ .. ئیدی ئەو درۆ زلەی بانگاشە دەکات ئێمە" **براین و کورد و تورک وەک نینۆک و گۆشتن** " کەی ڕاستە؟.. برایەتی ڕاست نییە گەر وەک گۆشت نینۆکیش بین، تورک گۆشتە و کورد نینۆکە، کەدرێژ دەبێت ئێوە دێن کورتی دەکەنەوە و دەیبڕن.

**" کەی یەکسانی و برایەتی ئاوایە، ئەی هاوار...**"!!

بانگەوازێکی پڕ بە گەرووی ئازاری واقعە،و ئەوان برایەتی و دۆستایەتی و دراوسێیەتی نازانن... هەوڵی گەوهەری ئەوان بۆ قڕکردنی کوردە. " **دەزانم گەر بیانەوێت سبەی لەسەر ( جیاخوازی) یەخەم دەگرن. کەچی من تا ئێستا کوردێکی عاقڵم نەبینیوە داوای دابەشکردنی تورکیا بکات**". بەهەرحاڵ ئەم دەربڕینانە بە پێوەری کوردایەتی، کورت دێنن و چۆن دەکرێ کەسێ داوای سەربەخۆیی بکات کە لەدیدی تورکیاوە ئەمە جیابوونەوەیە، بێ ئەقڵ بێت ..!یان دەڵێ:" **کورد نایەوێت لە تورک جیابێتەوە**". ئەمەش دەربڕینێکی ترە لەگەڵ مێژووی خەباتی کورد و خودی عەنتەریش دا جووت نایەتەوە... ئازادی سەربەخۆیی کە زامنی کەسایەتی کورد و فەرهەنگەکەیەتی لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا بەرقەرار دەبێت .
ئیدی بۆ کورد نایەوێ لە تورک جیا بێتەوە؟! .هەرکاتێ تورک بووە ئەڵمان و فەرەنسی و ئیتالی سویسرا و تورکیاش گەیشتە ئاستی پێشکەوتن و دیموکراسی سویسرا، ئەوسا با کورد و تورک و ئەوانی دیکە لە ناو تورکیا وەک ئەوانەی ناو سویسرا بژین... ئەمە کرۆکی پرسەکەیە! نەک هەردەم چاوەڕێ بین بەدیار داری زڕەوە بەرمان بۆ بگرێ!.
بە پێچەوانەوە هۆکارێکی گەورەی کورد لەو کوێرەوەرییەی تێی کەوتووە ئەوەیە دەیەوێ وەک زیندانییەک لە زیندانی (تورکیا و ئێران وعێراق وسووریا) دا بمێنێتەوە... کەواتە ئاقڵ ئەوەیە دەیەوێ جیابێتەوە بەمانای سەربەخۆیی و ئازادی....
پرسیار ئەوەیە.ئایا ئەو چەند ڕستە و بۆچوونە قەناعەتی تەواوی مووسا عەنتەرە؟، ئەوە چەپێتی دوور لە کوردایەتی زاڵە بەسەریدا و کە ئێمە وامان نەناسیووە و خەباتی خۆیشی وا بەرچاو ناکەوێ!.. یان ڕەنگدانەوەی تەمەن و ناساخی و هەڕەشە و گوشارە. ئەوەیان ئەگەرێکی کراوەی جێی مشتومڕە و شایانی ساخ کردنەوەیە...
مووسا عەنتەر.. پیاوێک بوو، هەمیشە سەربەرزانە بە پارەی خۆی ژیاوە و زۆر جۆر کار و کاسبی کردووە. ماوەیەک خاوەنی ریستەورانتێک دەبێت لە ئیستانبووڵ و بە دەستڕەنگینی خۆی زوو ناوبانگ دەردەکات. "رۆژێ دوو ئەفەندی بەتەمەن دەچنە لای بۆ نان خواردن یەکێکیان **پرۆڤیسۆر تاهیر تانەری** مامۆستای خۆی بووە لە زانکۆ وئەوی تر **نومان مەنەمەنجی ئۆغلو**وی وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا١٩٤٢-١٩٤٤. هەردوو خانەنشین. مووسا خۆی خزمەتیان دەکات و پارەیەکی کەمیان لێ وەردەگرێ. جووتە ئیدی فێری ریستەورانتەکە دەبن و زوو زوو دەچن. ئەم دوانە لە **ڕێکەوتنامەی لۆزان** ڕاوێژکاری یاسایی **عیسمەت ئینۆنۆ** بوون .جارێک ئۆغڵوو یادەوەرییەکی خۆی بەو شێوەیە گێڕاتەوە:
**"چەرچڵ و ڕۆسڤێلت لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ بەشداریکردنی تورکیا لە دووەمین جەنگی جیهان، من و ئینۆنۆیان بانگهێشتی قاهیرە کرد.ئینۆنۆ نزیکی جەنگەکە نەدەکەوتەوە، چونکە تیۆری ئەو لە کۆبوونەوەی ئەدەنە و قاهیرە بەو شێوەیە بوو، حاڵی حازر سوپاکەمان لەو ئاستە نییە بەشداریی جەنگ بکات.(...) چەرچڵ و ڕۆسڤێلت بڕوایان بە تورک نەبوو، چونکە دەیانگووت ئەی گەر دوای**

**ئامادەکردن و پڕچەککردنیان تورک چوونە پاڵ ئەڵمانیا؟ .ئینجا لە لایەکی ترەوە لێمان سووڕانەوە و پرسی کوردیان هێناتە سەرمێزی دانوستاندنەکەمان و بە ڕووداوێکی لەو شێوەی خوارەوە ویستیان چاوترسمان بکەن: شاندە ئینگلیزییەکە لەبەرئەوەی هاتبوونە جیهانی ئیسلامی ، بۆیە لەناو شاندەکەتان چەندان ڕۆژهەڵاتناسیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کە زۆر زمانیان دەزانی. سەرەتا چەرچڵ بە ئینۆنۆی گوت:**

**"پاشا تۆ کوردی دەزانی؟ عیسمەت پاشا سەری سوڕما، چونکە نەیدەزانی چ بڵێ، بەر لەوەی ئینۆنۆ وەڵام بداتەوە من سەری قسانم وەرگرت و گوتم: گەورەم ئێمە کوردی نازانین، لای ئێمە بە کوردیش قسە ناکرێ، زمانێکی ئاواش لە تورکیا نییە". چەرچڵ لە یەکێک لە پیاوەکانی پرسی : مستەر ئەو قسەیە ڕاستە؟ ئایا زمانێک نییە بەناوی کوردی؟" چەرچڵ کە ئەو پرسیارەی لەو پیاوە کرد کە بە مستەر بانگی کرد، دیار بوو بە ئامادەکارییەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هاتبوو، بۆیە هەستاوە سەرپێ و وتی: " چۆن ئەو زمانە نییە گەورەم، بەڵکو زمان و ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەندیشیان هەیە. گەر بتانەوێت شیعرێکتان لە دیوانی جزیری بۆ دەخوێنمەوە؟ چەرچڵ گووتی:" بیخوێنەوە" لەشیعرە تێنەگەیشتین، بەڵام زمانەکە لە فارسی نزیک بوو، ئاوازێکی بە ئاهەنگیشی هەبوو. کە لە شیعر خوێندنەوەکە بۆوە، مستەر گووتی ئەوە شیعرێکی کوردی بوو گەورەم. چەرچڵ گوتی : مادەم وایە شیعرەکەمان بۆ بنووسەوە و بۆشمان وەربگێڕە سەر زمانی ئینگلیزی". لە ماوەیەکی کورت وەرگێڕانەکەی تەواو بوو، ئنجا سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گوتی دە بیکەنە فەڕەنسیش، کردیانە فەڕەنسیش، ئینجا وەریانگێڕایە سەر تورکی. جا چەرچڵ ئاوا لەسەر قسەکانی ڕۆیی:" جەناب وەرە پێم بڵێ لەو سێ زمانە بۆ ئەوەی هەمان هەستی زمانە ئۆرجیناڵەکەی تێدا دەرببڕدرێت ئایا وەرگێڕ ناچار بووە چەند وشەی بێگانە بە زمانەکەی خۆی تێدا بەکار بهێنێت؟ ."**

**دەستمان بە ژماکردنی وشە بێگانەکان کرد. لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەدا هیچ وشەیەکی بێگانە نەبوو، لە ئینگلیزییەکە چوار پێنج وشەی بە بنەچە لاتینی هەبوو. لە تێکستە کوردییە ئۆرجیناڵەکە سێ چوار وشەی عەرەبی دۆزرایەوە، بەڵام کە هاتینە سەر وەرگێڕانە تورکییەکە، جگە لە ئامڕازەکانی لکاندن،هیچ وشەیەکی تێدا نەبوو کە تورکی بێت، بەڵکو هەموو وشەکان عەرەبی و فارسی و زمانە جیاوازەکانی ئەوروپا بوون.. چەرچڵ هەر چوار وەرگێڕانەکەی لەسەر چوار پەڕ لە پێش ئێمە دانا و گوتی " :شەرم نییە بەڕێزینە، سەیرکەن ئەوەش دەوڵەمەندی زمانی کوردییە کە ڕێژەیەکی زۆری گەلەکەتان زمانی دایکیانە و ئێوە دەڵێن نییە."**

**دواتر نومان مەنەمەنجی ئۆغڵوو پێی گوتم:" لەو ماوەیەی وەزیری دەرەوە بووم، هیچ ڕۆژێک هێندەی ئەو ڕۆژە بەسەر خۆمدا نەشکامەوە و بێزار نەبووم". ل ٢٠٧-٢٠٨**

لێرەدا سیاسەتی شۆڤێنیزم و ناسیونالیزمی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە و یەک زمانی دەوڵەتی تورکی وەک ناسنامەی کەمالیزم بەدیار دەکەوێ.. بێشەرمی سیاسەتیان و چاوقایمی و نیگاتەسکی تێڕوانینیان بۆ میللەتانی دیکە...هێزە کۆلۆنیالیستەکان پێشوەختیش شارەزای دۆخی کورد بوون ،کە خاوەن مێژوو و فەرهەنگی دەوڵەمەندترە لە هی تورک، کەچی کردیانە قوربانی بەرژەوەندی گڵاویان ..کورد بەهیچ سیاسەتێکی زەبروزەنگ لەناوناچێت و قەڵای زمانەکەی هێندە سەختە بەرگەی سەختییەکانی ژیان و دڕندایەتی داگیرکەران دەگرێ.

بەتێکڕا ئەم بەرهەمە شوێنێکی بەرز لە نێو کتێبخانەی کوردیدا بەدەست دێنێ. هەوێنی نووسینی چەندین چیرۆک و ڕۆمانی تێدا هەیە.. دەکرێ بکرێتە فیلم و لە تیڤی و شانۆش دا پێشکەش بکرێ. مەگەر ژییاننامە و بیرەوەرییەکانی د. نورەدین زازا، هێندە تژی بێت، لەم کەرەسە ئەدەبی و هونەرییانە. بەداخەوە دەستی چەپەڵی داگیرکەری تورک و تیرۆر کردنی دەرفەت نادەن، نووسەر بەشەکانی تری بیرەوەرییەکانی بنووسێ. بێگومان ئەوانیش دەبوونە ڕووپەڕێکی تری گەشی مێژووی نەتەوەکەمان و تێکۆشانەکانی ئاپێ مووسا.

هەروەها ئەم بیرەوەرییانە بێبەشە لە وێنە و هەندێ بەڵگەنامەی گرنگ و نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان نووسەر زۆر لەو کەسایەتییانەی باسی کردوون،بۆ نموونە قاسملوو.. پێدەچێت هۆکارەکەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێی دا، لەمەشدا ڕۆڵی گێرا بێت.

*مووسا عەنتر، چارەنووسی " کوردبوون" کردیە "ئاپێ موسای کوردایەتی"، نووسەر و رۆشنبیر و تێکۆشەر و ڕۆژنامەنووس،ئەکتەر و شانۆنووس لە مەودای تەمەنی تێکۆشان و خزمەت و شەڕی کوردایەتی و بەربەرەکانی ستەمکاری و چەشتنی ئازار و زیندانی کردن و ئەشکەنجەخواردن و هەڕەشی مەرگ و پلانی لەناوبردندا بەتێکڕای ئەم پرۆسێسەی پێیدا تێپەڕیوە، کەسایەتی مووسا عەنتەر بۆتە بەشێکی زیندووی مێژووی نەتەوەی کورد . شەهیدکردنیشی پلەی شەهادەتی کوردایەتی گەیاندە ئاستی زنجیرەی سەروەرەکانی سونبوڵی مێژووی نەتەوەییمان : شێخ سەعید و سەید ڕەزا و د. ئیحسان و مەزڵوم دۆغان و هەزاران سەرکردەی نەمری ڕێی خەباتی سەختی ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.*

*مووسا عەنتەر دوای خۆی جگە لەناوێکی گەورە، خێزانێکی کوردپەروەر و ڕێبازێکی جوانی کوردایەتی، کۆمەڵێ کتێب و نووسین و هەزاران یاد و یادگاری گەشی بە میرات بۆ نەوەکانی دوای خۆی گەنج و لاوانی نەتەوەکەی بەجێهێشتووە. بەڕادەیەک هەرگیز ناو و ڕێچکەی بەکەس کوێر ناکرێتەوە.ئاخر ئەو داکۆکیکارێکی سەرسەختی نەتەوە و خاکەکەی بوو، نزیکەی 11تەمەنی لە زینداندا بەسەر برد و هەر کەس و لایەک بە پێوەری کوردایەتی لەم دوو شتەوە دوور بوونایە و دژایەتییان کردایە، مووسا عەنتەر وەک چیا بە ڕوویان ڕادەوەستایەوە. هەڵوێست و تێکۆشانی عەنتەر بەوە گەیشت، دەوڵەتی ستەمکاری تورک سڵی لە کەسایەتی دەکردەوە.*

*مووسا بە شەش مانگ پێش گیانبەختکردنەکەی لەناو شاری ئیستانبووڵدا، بۆ ماوەی 48 کاتژمێر مانگرتن لە خواردن دەست پێدەکات،دژ بە سیاسەتی توندوتیژ و تیرۆری تورکیا. بەواتای ئەوەی ئەم خەباتگێرە هەرگیز کۆڵی نەداوە.*

*ئەم کتێیە ،کتێبێکی ستانداردی کوردی تژی لە کوردبوونە.بۆیە خوێندنەوەی جگە لە سوود و چێژەکەی ، تێگەیشتنێکی نوێیە لە خود و ئەوانی تری داگیرکەر و دوژمن!!..*

پێش کۆتایی جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە وەرگێر بکەم، بە کوردییەکی تەڕ و پاراو کارەکەی ئەنجام داوە. پیرۆزە لە وشە و ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی...